سودانی پارێزگارەکانی ڕاسپارد هەڵکاری ڕاستەقینە و ئەرێنیان هەبێت بە ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەمە پارێزگارەکانی ڕاسپارد هەڵکاری ڕاستەقینە و ئەرێنیان هەبێت بە ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی.

باسم عەوادی وتەبێژی حکومەت بەراگەیەندراوەکدا باوی کردەوە"سەرۆک وەزیران پارێزگارەکانی ڕاسپارد هەڵکاری ڕاستەقینە و ئەرێنیان هەبێت بە ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی بە گشتی و لەکاتی گەیانی کەشوهەوادا، بەتایبەتی ڕاگەیاندنی پشوو لە خوێندنگاکان".

ئاماژەی بەوەکرد" سودانی جەختی لەسەر پێویستی ڕەچاوکردنی دابینکردنی کاتی پێویست کردەوە بە تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن و پابەندبوون بە کاتە دیاریکراوەکان بە ساڵی خوێندن".